# وتوویژێک لەگەڵ سوڵتانی نەوت و پۆڵا



نووسینی : ماکسیم گورکی

وەرگێڕانی: ناسری ئەمین نژاد

www.rawij.com

## وتوویژێک لەگەڵ سوڵتانی نەوت و پۆڵا

نووسینی : ماکسیم گورکی

وەرگێڕانی: ناسری ئەمین نژاد

ژیانی سوڵتانی نەوت و پۆڵا و سوڵتانەکانی دیکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام بیر و مێشکی منیان بەخۆوە خەریک کردووە. لەوەناچێ ئەمانە بەم هەموو پووڵوپارەوە کە هەیانە وەک خەڵکی ئاسایی بژیین، تەنانەت بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ دەستی مردنیش نەیانگاتێ.

پێموابوو هەرکامێکیان دەبێ لانی کەم سێ زک و سەتوپەنجا ددانیان هەبێ. هەموو ڕۆژ هەر لە بەری بەیانییەوە هەتا درەنگانێکی شەو بە خواردن و خواردنەوە خەریک دەبن، دەنا چ دەکەن. پێموابوو بە بەردەوام چاکترین چێشتیان لە گۆشتی قەل و قاز و بەراز، بە ڕۆنی کەرەوە بۆ سازدەکرێ و هەمیشە گرانبایی‌ترین کێک و شیرینیات و خواردنە نایاب و بەدانستەکانیان لەبەر دەمدایە. وام دەزانی هەریەک لەمانە تا درەنگان، تا ئەو کاتەی کە شەویلکەکانی هێزی تیدایە هەر دەخوات و دەخواتەوە، ئەوجار داوا لە کارەکەرەکانی دەکات تا خواردنەکەی بۆ بجوون و دەزاری هاوێن، ئیتر کاری هەر دەبێتە قووتدان و هەڵلووشین. پێموابوو دواتر، پاش ئەوەی کە هیلاک دەبێ و دادەمێنێ، پاش ئەوەی کە هەموو لەشی شەلاڵی ئارەقە دەبێ، دەیخەنە ناوجێگە و لێفەی پێدادەدەن. هەمدیسان ڕۆژی دواتر سەعاتی شەشی سەر لە بەیانی لە خەو هەڵی‌دەستێنن و ڕۆژێکی دیکەی هەربەوجۆرە دەست پێدەکاتەوە.

دەمزانی "کابرایەکی" وا سەرەڕای ئەم هەموو کردوکۆشە لەتاقەت بەدەرە دیسان ناتوانێ تەنانەت بەشێکی بچوک لە قازانجی سەرمایەکەشی خەرج

بکات. دەمزانی کە ئەمە ژیانێکی بەڕاستی قورس و لەتاقات بەدەرە. بەڵام دەڵێی چیی، قازانجی ملوێنەر بوون چییە؟ ملوێنەربوون چ قازانجێکی هەیە ئەگەر "پیاو" نەتوانێ زیاتر لە مرۆڤە ئاساییەکانیتر بخوات؟ ئەی ئەگەر ئەمە نەکا، چ دەکات؟

پێموابوو جلوبەرگی کابرای ملوێننەر، بەتایبەت جلەکانی ژێرەوەی دەبێ لە ئاوریشم و قوماشی زێرکفت دوروابێت و پاژنەی کەوشەکانیشی بە بزماری زێڕ داکوترابێ و کڵاوێکی ئەڵماسچنیشی بەسەرەوە بێ. بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ کۆتەکەی بەری لە مەخمەڵی زۆر گرانبایی دروستکرابێ و درێژییەکەشی پازدە میترێک بێ و بە زیاتر لە سێسەد قۆپچەی زێڕ رازابێتەوە و رۆژانی پشودانیش هەشت کۆت و شەش پاتۆلیش لەبەر بکات. دەمزانی خۆ ئەمە کارێکی زۆر لەتاقەتبەدەر و دژوارە، بەڵام ئەمە ئیتر قازانجی ملوێننەر بوونە. لەمن وایە ئەو دەوڵەمەندانە ناتوانن وەک خەڵکانی دیکە جلوبەرگ دەبەر بکەن.

گیرفانەکانی ئەم بوونەوەرە لە رەهۆڵێک دەچن کە دەتواندرێ کلیسا یان مەجلسی پیران(سەنا) یان پێویستییەکانیتری تێدا جێبکەیتەوە.... کاتێ بڕوا بکەی کە گەدەی ئەم زیندەوەرە بەقەدەر پاپۆڕێکی گەورەی ئۆقیانوسپێو دەبا، ناتوانین بڕوا بەوە نەکەین کە لولاکی درێژ و پاتۆڵی درێژیشی هەر لەو ئاستەدا نەبن. پێموابوو لێفەیەک کە لە ژێریدا دەنوێ نابێ کەمتر لە رۆژەرێیەک رووپێوی هەبێ. ئەگەر تەماکۆش بجوێ، قسەی تێدا نیە کە لە باشترین جۆریەتی و هەرجارەش نیو یاخود کیلۆیەک دەمەجاویەتی. خۆ ئەگەر بۆن و عەتریش بەکار بێنێ هەرجارە سێچوار لەوێچ بەخۆیدا دەپرژێنی، چونکو ئەمە لە تایبەتمەندییەکانی پوڵ و پارەیە!

قامکەکانیشیان زۆر بە هەستن و خاوەنی هێزێکی وەک مۆجزەن، دەتوانێ بەکەیفی خۆی هەرکات بیهەوێ درێژوکورتیان بکاتەوە. بۆ نمونە ئەگەر لە "نیویورک"ەوە چاوی بە دۆلارێک لە شوێنێکی وەک "سیبری"



بکەوێ، بە بێ ئەوەی هەستێتە سەرپێ، بەسەر "تەنگەی برینگ"[1]ەوە دەست هەڵدەبرێ و ئەو تاقە دۆلارە، واتە گوڵە خۆشەویستەکەی خۆی دەچنێ و لەباخەڵی توند دەکات.

سەیرە وێڕای هەموو ئەمانە نەمتوانی لە خەیاڵی خۆمدا سەروسیما و رواڵەتی ئەم ملوێنەرە بێنمە پێش چاوی خۆم کە لە چی دەچێ. بە هەر حاڵ هەستم دەکرد کە ئەم سەرە بەتەواوی شتێکی زیادەیە و هەر ماسولکە و ئێسکە و هیچی دیێ. تاقە هیوا و ئاواتیشی ئەوەیە کە هەر شتێکی دەست بکەوێ بیگوشێ و زێڕی لێ بگرێ. کورت و کرمانجی ئەوەی لە سەرەتادا دەهاتە بەر چاوم دوو دەستی رانەوەستاو و بزۆزی درێژ بوون کە چنگیان لە گۆی زەوی توند کردووە و بەرەو زارێکی وەک ئەشکەوتێکی رەشیان دەبرد، تا بیمژێ، بیخوا و لیکاوی لەتێر نەهاتووی بەسەردا بڕێژێ، وەک بڵێی لیکاوی دەمی بەسەر پەتاتەی کوڵاوی زۆر گەرمدا دەرێژێ.....

بە باشی دەتوانن سەرسوڕمانی من بێننە پێش چاوی خۆتان، کاتێ ئەم کابرایەم بە پێچەوانەی خەیاڵ و شوبهاندنەکانم، وەک مرۆیەکی ئاسایی دیت. دیتم لەسەر قەنەفەیەکی قوول پیرەپیاوێکی لاواز دانیشتبوو، دەستە بۆر و چرچەکانی بە بێ جووڵە لەسەر سکی دانابوو. ئەم دەستانەی کە من دیتم لەگەڵ دەستی خەڵکانی دیکە هیچ جیاوازییەکی نەبوو. دەموچاوی وەک بڵێی پێویستی بە کەموسکە پێستێکی زیادە هەبێ، مۆن دیاری دەکرد و باش ردێنیشی تاشیبوو. لێوە شۆڕبووەکی ژێرەوەی ددانە رێکەکانی دەردەخست کە بە رووکێشی زێڕ داپۆشرابوون. سمێڵی نەبوو، لێوی بێرەنگی سەرەوەی وەها بە پووک و ددانەکانیەوە نووساندبوو، کە لە کاتی قسەکردنیشدا نەدەجووڵا. برۆکانی

[1]. تەنگە; بەو شوێنە دەگوترێ کە ئاوی دەریا تەسک دەبێتەوە، وەک تەنگەی هۆرموز لە باشوری ئێران. تەنگەی برینگیش لە نێوان ئاسیا و ئوروپای باکورە و ئوقیانوسی ئارام بە دەریای بەستەڵەکی باکورەوە دەبەستێتەوە.

هەڵوەرییوون، پێستی مەیەو سوور و بێلەرە و نەرمی دەموچاوی لە سیمای منالێکی ساوا دەچوو. "پیاو" نەیدەزانی کە داخوا ئەم زیندەوەرە تازە لە دایک بووە یان پێی ناوەتە لێواری دنیایەکی دیکەوە.

وەک مرۆی ئاسایی جلی لەبەر کردبوو، تەنیا شتێکی زێڕین کە هاتە بەرچاوم ئەنگوستیلە، سەعات و ددانەکانی بوون. ڕەنگە هەر هەمووی بەسەر یەکەوە دووسەد گرام قورساییان نەبووبێ. بەگشتی ئەم جەنابە بەم قەلافەتەیەوە لە پیرە خزمەتگوزارێکی دەوڵەمەندانی ئوروپایی دەچوو.

لەهۆدەیەکدا میوانداریم لێکرا کە نە لەباری جوانی سەرنجراکێش بوو، نە زۆریش رازاوە و بریقەدار بوو. تەنیا ئەوە نەبێ کە مۆبل و کەلوپەلی ناو هۆدەکە یەکجار قەبە و زل و زەلام بوون. هەرکەس چاوی بەناو ئەم هۆدەیەدا گێڕابا، فکری بۆ ئەوە دەچوو کە دەبێ ئێرە جێگای فیلان بێ. ئەمن کە متمانەم بە چاوی خۆم نەبوو پرسیم:

ـ بەرێز، ئێوە ملوێنەرن؟

سەری لەراندەوە و وتی:

ـ بەڵێ.

وام دەرخست کە بڕوام بە قسەکانی هەیە. بەلام لە لای خۆم بڕیارم دا کەموزۆر درۆ و گروگیفەکانی دەربخەم. پرسیم:

ـ ناشتایان چەندە گۆشتی گا دەخۆی؟

وتی:

ـ گۆشتی گا ناخۆم. قاشێکی بچکۆک پرتەقاڵ، هێلکەیەک، فنجانێک چا، هەر ئەمە و هیچیتر.

چاوە منالکارە بە بەزەییەکانی هەر وەک دوو دڵۆپی ئاوی لێڵ بریسکایەوە. نەمتوانی کەمترین نیشانەی درۆی تێدا بەدیی بکەم.

بە سەرسوورمانێکەوە پرسیم:

ـ زۆر باشە، بەڵام تکایە لە گەڵمدا ڕاست و بێ گرێ بە، پێم بڵێ بزانم ڕۆژی چەند ژەم نان دەخۆی؟



بە ئەسپایی و لەسەرخۆ درێژەی پێدا و وتی:

ـ ڕۆژی دوو ژەم، خواردنی بەیانی و ئێوارانم لێ سەروزیادە. ئێواران کەمێک سوپی فروج و شیرینی دەخۆم، کەمێکیش میوە، فنجانێک قاوە و جگەرەیەکی بەرگیشی لە گەڵ دەکێشم.....

پلەی سەرسوورمانم تا دەهات پتر هەڵدەکشا. بەجۆرێک سەیری دەکردم تۆمەز پیاوێکی پیرچاک و پیرۆزە. پاش تۆزێک رامان، پشوویەکم هێنایەوە بەر خۆم و وتم:

ـ ئەگەر ئەو شتانەی کە وتت ڕاست بن، دەکرێ بزانم پووڵ و پارەکانت چ لێدەکەی؟

شانی هەڵتەکاند، چاوی لەناو گلێنەدا سووراند و وتی:

ـ مامەڵەی پیوە دەکەم، پووڵێکی زێدەتری لێ دەردەکێشم.

ـ بۆچی؟

ـ بۆ ئەوەی دیسان پووڵێکی زیاتر سەریەکبخەم.

قسەکەی پێشووم دووپاتەکردەوە، وتم:

ـ بە چ مەبەستێک؟

کەمێک خۆی کۆم کردەوە، هەنیشکی خستە سەر دەسکی مۆبلەکەی و بە سەرسوورمانێکەو پرسی:

ـ ئەرێ تۆ شێت نیی؟!

ـ ئەی خۆت؟!

پیرەپیاو سەری داخست و لەناو بریسکەبریسکی زێڕی ددانەکانیەوە بەکاوەخۆ وتێ:

ـ چ مرۆیەکی سەیر و سەمەرە.... پێموانیە تا ئێستا کەسێکی وەک تۆم دیتبێ... پاشان سەری هەڵبڕی و دەمی داچەقاند و چاوی تێبڕیم. لە حاڵەتەکەیدا تێدەگەیشتی کە تا ئێستا خۆی بە مرۆیەکی ئاسایی و سروشتی زانیوە. چاوم کەوتە سەر دەرزی ئەڵماسی کەراواتەکەی. ئەگەر نقێمی ئەو دەرزییە بەقەدەر پاژنەی کەوشێک بوایە، ڕەنگە زانیبام لە

کوێم.
پرسیم:
ـ تۆ چ دەکەی؟
شانی هەڵتەکاند و وتی:
ـ پارە پەیدا دەکەم.
ـ سکەی قەڵب لێدەدەی؟
ئەمەم وتوو پیموابوو لە سنوری دەرخستنی رازێک دام. بەڵام کەوتە نزگەرە، هەموو گیانی دەلەرایەوە، هەر وەک بڵێی دەستێکی نادیار ختولکەی دەدا. خێراخێرا چاوی دەتروکاند و مژۆڵی لێکدەدا. وتی:
ـ "گاڵتە پێکردنە". کەمێک هێدی بووەوە و بە نیگایەکی شێدار وای سەیر کردم کە قەیدی نیە درێژە بە پرسیارەکانت بدە. ئەمجار گوپەکانی هەڵمساند.
پاش ساتێک رامان و کەمێک بیرلێکردنەوە بە جیدی پرسیم:
ـ چۆن پوڵ پەیدا دەکەی؟
سەری لەراندەوە و وتی:
ـ ئەها، دروست بەمجۆرەی کە بۆت باس دەکەم، کارێکی زەحمەت نیە. ئەمن خاوەنی رێگای ئاسنم، وەرزێرەکان بەروبووی کاری خۆیان دێنن بۆ لای من، منیش دەینێرمە بازار. جا ئێستا دەبێ بەراورد بکرێ کە چەندە بۆ وەرزێر بمێنێتەوە باشە هەتا لە برسان نەمرێ و درێژە بە کاری خۆی بدات. ئەمجار تۆش دەبێ ئەوەی کە دەمێنێتەوە بە ناوی خەرج و باجی هەڵگرتن و راگوێزان بۆ خۆتی گلبدەیتەوە. ئەوهایە، وەک دەبینی زۆر سادەیە.
ـ داخوا وەرزێرەکان رازین؟
بە ساویلکەییەکی منالانەوە وتی:
ـ هەموویان رازی نین، پێموانیە. دیارە خۆت دەزانی قەت هەموو خەڵک رازی نابن. هەمیشە تاقمێکی سەرسەری هەن کە پرتەوبۆڵەیان دێت.



بە بوێرییەکی زیاترەوە وتم:
ـ باشە دەوڵەت دەست لە کاروباری ئێوە وەرنادات؟
قامکی بە هەنیەیدا هێنا، دەنگدانەوەی دەنگیم هاتە بەر گوێ کە دەیوت: دەوڵەت؟ پاشان وەک ئەوەی شتێکی هاتبێتەوە بیر سەری راوەشاند و وتی:
ـ ئەها... مەبەست ئەو دۆستانەیە ... لە واشنگتۆنن؟ نا، کارێکیان بەسەر منەوە نیە. ئەمانە پیاوی باشن... برێکیان ئەندامی یانەکەی منن، بەڵام زۆریش خۆ دەرناخەن و بەم بۆنەوە جاری وایە پیاو بە تەواوی لە بیریشیان دەکات. جارێکی تریش دووپاتی کردەوە نا، خۆم تێناگەیەنن.
ئەمجار چاوی پر لە پرسیاری تێبڕیم:
ـ مەبەستت ئەمەیە دەوڵەتێکیش هەیە بەری دەوڵەمەند بوونی خەڵک بگرێ؟
ئەمن کە لە دەست کەم ئاوەزی ئەم پیاوە پەشۆکابووم، لەسەرەخۆ وتم:
ـ نە، مەبەستم ئەمە نەبوو، وام بیردەکردەوە کە دەوڵەت دەبێ جاروبارە بەری دزی و تاڵانکاری و دەستبڕی ناپەسەندی تاقمێک کە بەربوونەتە گیان کۆمەڵگا بگرێ.
ئەمەی بە دڵ نەبوو، بە ناقائیلیی و ناوچاوانێکی ترشەوە وتی:
ـ ئێستا تێگەیشتم، بەمە دەڵێن ئیدەئالیزم، لێرە کاری وا ناکرێ، دەوڵەت مافی ئەوەی نیە خۆی لە کارەباری تایبەتی کەسێکدا هەڵقورتێنێ.
خۆم لەبەرامبەر ئەقڵی منالانە و لەسەرەخۆیی و هێمنی ئەم کابرایە بە چکۆڵە و سووک هاتە بەرچاو، بە ئەدەبێکەوە پرسیم:
ـ داخوا ئەگەر کەسێک ژیانی تاقمێک بە قوڕدا بباتەخوار و بیفەوتێنێ، ئەمە دەبێتە کارێکی تایبەت بە خۆ؟
دەنگی دەنگدانەوەیەکی تێدا بوو، چاوەکانی داپچڕا بوون، بەم حاڵەتەوە وتی:
ـ فەوتان؟ فەوتان ئەو کاتەیە کە حەقدەستی کرێکار دەچێتە سەر یاخود

مانگرتنێک دەستپێدەکات. بەڵام کۆچکردوەکانیش هەن، ئەوانە هەمیشە هەقدەستی کار لەخوارەوە ڕادەگرن و بە تامەزرۆییەوە جێگای مانگرتووان پڕ دەکەنەوە. کاتێ بەقەدەر پێویست کۆچکردومان لە وڵاتدا هەبێ، بەجۆرێک کە بتوانن بە حەقدەستی کەم کار بکەن و هەر لێرەش کەلوپەل بکڕن، ئەوسا بارودۆخ ئاساییە و هەموو شتێک لە جێی خویدایە.
کەمێک هاتەوە سەرخۆ، ئیتر حالەتی نێوان پیرە پیاوی و منالێ لە بیچمی تۆرا بوو. قامکە بۆر و لاوازەکانی کەوتنە جوولە و دەنگی ویشکی لە گوێچکەمدا دەزرینگایەوە:
ـ "دەوڵەت"؟ پرسیارێکی سەرنج راکێشە. دەوڵەتێکی باش گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە. بۆخۆت دەزانی دەوڵەت دەبێ پێداویستییەکانی ئێمەمانان لەباری کرێکارەوە دابین بکات، تا بەروبوومەکانمان لە بازاردا بەکار بێت و بەسەر دەستماندا نەمێنێتەوە. دەبێ بەگوێرەی پێویست کرێکار لە بازاردا هەبن تا کەم بوونی کرێکار نەیەتە گۆڕێ و ئێمەش کارەکانمان بگەیێنینە مەقسەدی خۆی، هەر ئەمە و بەس. کەوابوو سوسیالیسم پێکنایەت و مانگرتنێکیش لە گۆڕێدا نابێت. دەوڵەت نابێ مالیاتی قورس دیاری بکات. من ئەو شتەی کە دەبێ خەڵک بیدەن لێیان دەسێنم و بەم بۆنەوە من ئەم دەوڵەتە بە دەوڵەتێکی باش دەزانم.
لە دڵی خۆمدا وتم:
ـ ئەم زیندەوەرە کڵاو دەکاتە سەر کەریەتی و خەرفاوی، نیشانەیەکی ئاشکرا و راست ئەوەیە کە ئەویش بە "گەورەیی" خۆی دەزانێ، لە راستیدا دەبێ خاوەنی نەوت و پۆلا بێت.
کابرا بە ئاخاوتنێکی جیدی و بە دڵنیاییەوە درێژەی پێدا و وتی:
ـ من پێویستیم بە سەقامگیربوون و نەزم و رێکوپێکی لە وڵاتدا هەیە. دەوڵەت زۆر چەشنە زانا و فەیلەسوفی خستۆتە گەر کە لانی کەم رۆژانی یەکشەمبە بۆ ماوەی هەشت ساعەت قسە بۆ خەڵک دەکەن و داوایان لێدەکەن رێز لە یاسا بگرن. ئەگەر بێتو فەیلەسوفەکان دەرەقەتی ئەم کارە



نەیێن ئەوجار بانگ دەکەنە سپا و لەشکرەکانیان، جا بۆ منیش ئەنجام مەبەستە نەک شێوەی جێبەجێ کردنەکەی. دەبێ کڕیار و کرێکار ناچار بکردرێن سەر لە پێناوی قانون بن. هەر ئەمە و هیچی تر.
ئەمەی وت و قامکەکانی تێکهاڵاند و داویی بە قسەکانی هێنا. لە دڵی خۆمدا وتم:
ـ نا، کەر و خەرفاو نیە. ئەم زیندەوەرە ناتوانێ سوڵتانی پۆڵا بێت. رووم تێکرد و لێم پرسی:
ـ ئەرێ ئەم دەوڵەتەی ئێستات بە دڵە و لێی رازی؟
دەسبەجێ وڵامی دایەوە:
ـ بەم توانا و دەسەڵاتەی کە هەیانە شتی زۆرتریان لە دەست دێ. یانی لە ئێستادا دەبێ رێگا بۆ هاتنی کۆچکردوان خۆش بکات، چونکا ئێمە خاوەنی ئازادی سیاسین و بەهرەشی لێوەردەگرین. ئەوانیش ئەمەیان پێخۆشە و ئەگەر تەنیا بۆ ئەم مەبەستەش بوو بێت، دەبێ بێن بۆ ئەم وڵاتە و پوولێکیش بدەن. با هەر کام لانی کەم ٥٠٠ دۆلار لەگەڵ خۆی بهێنێت. کەسێک کە ٥٠٠ دۆلاری هەیە دەجار لەو کەسە بە بایەخترە کە ٥٠ دۆلاری هەیە. کەسانی خراپ، بەرەڵاکان، سواڵکەران و بێکاران بە کەڵکی هێچ شوێنێک نایەن.
بە بوێرییەکی زیاترەوە وتم:
ـ جا ئەگەر بەمجۆرە بچێتە پێش هەر دێت و ژمارەیان دەچێتە سەر.
پیرە پیاو سەری لەراندەوە و وتی:
ـ بەڵێ وایە، بەڵام بە وەختی خۆی پێشنیار دەکەم سنوورەکانیان لێ دابخەن... قەی ناکا با ئێستا هەر کۆچەرێک کەمێک زێڕ لە گەڵ خۆی بهێنێت... ئەمە قازانجی وڵاتی تێدایە. جگە لەمە پێویستە ماوەی تاقیکردنەوە ـ ئەویش بۆ ئاسایی کردنی کاروبارەکان ـ درێژ بکرێتەوە. کاتی خۆی ئەمەش خڕوپڕ لا دەچێ. ئەوانەی گەرەکیانە کار بۆ ئەمریکائییەکان بکەن، با بێن و بیکەن. بەڵام نابێ لەم وڵاتەدا مافی

هاوولاتی بوونیان بۆ دەستەبەر بکرێ، چونکا بەقەدەر پێویست لەم ئامریکاییيانەمان هەن. هەر کام دەتوانن حەشیمەتی ئەم ولاتە ببەنە سەر، دەولەت ئەمەشی لەبەر چاوە، بەلام دەبێ لەسەر ئەساسێکیتر دارێژرێت .... ئەندامانی دەولەت دەبێ هەموویان شەریکە بەشی بنیاتە پیشەییەکان بن، چونکا زۆر بە ئاسانی و بە گورجی لە قازانج و بەرژەوەندی ولات دەگەن. هەرئێستا دەبێ سەناتۆڕ بکرم تا ناچاریان بکات ئەمە قەبوڵ بکەن و تێبگەن کە من پێویستیم بەم کارە هەیە. هەڵبەت لە دواییدا ئەم پێویستییەش نامێنێ. هەناسەیەکی هەڵکێشا و لاقی درێژ کرد و درێژەی بە قسەکانی دا:

ـ مرۆڤ تەنیا لە لوتکەی کێوی زێڕەوە دەتوانێ سەیری دیمەنگا و روانگەی راستەقینەی ژیان بکات.

پاش ئەوەی بە ڕاشکاوی بیروڕا سیاسییەکانی خۆی دەربڕی، لێم پرسی:

ـ ڕای تۆ سەبارەت بە مەزهەب چییە؟

دەستێکی لە ئەژنۆی خۆی دا و برۆکانی هەڵتەکاند و وتی:

ـ ئەها پێم وایە باش بێت. مەزهەب بۆ خەڵک پێویستە. لە قولایی دڵەوە بڕوام پێیەتی. راستت دەوێ خۆم هەموو ڕۆژانی یەکشەمبە دەچمە کلیسا و مۆعیزە دەکەم ،.،. بەڵێ لە راستیدا....

قسەکانیم پێ بڕی و لێم پرسی:

ـ لەوێ دەڵێی چی؟

بە بڕوایەکی تەواوەوە ولامی دامەوە:

ـ هەر ئەو شتانە دەڵێم کە ئیمانداریکی وەفادار لە کلیسادا بەیانی دەکات. من لە کلیسایەکی چکۆلە مۆعیزە دەکەم. نەدار و هەژارەکان هەمیشە پێویستییان بە قسەی نەرم و شیرین و ئەمری باوکانە هەیە، ئەو شتانەیان پێدەڵێم کە دەیانەوێ...

روخساری کابرای ملوێنەر بۆ ساتێک حاڵەتی منالانەی بە خۆوە گرت. پاشان قایم لێوەکانی پێک گوشی و نیگای بەرەو میچی ژوورەکە هەڵکشا.



لەسەر میچی ژوورەکە وێنەی چەند کورێکی باڵداری رووت دەبیندرا کە شەرمێونانە لەشی رووت و گۆشتنی ژنێکیان بە کەوڵی ئاڵی بەرازی«یورکشایر»ی دادەپۆشی. تیشکی رەنگی میچەکە لە قووڵایی چاوە بێ رەنگەکانی دەدا و دەیبریسکاندەوە، بە ئەسپایی و لەسەرەخۆ وتی:

ـ خوشکان، برایان بە مەسیح سوێندتان ئەدەم مەهێڵن بکەونە داوی تەڵەکەبازانەی شەیتانی چاوبرسییەتی و ئێرەی بردن بەموبەو. لە هەموو ئەو شتانەی ئەم دنیایە خۆ دوور بخەنەوە. ژیان لەم دنیایەدا کورتە، پیاو تا تەمەنی چل کرێکارێکی باشە، لە چل بترازێ ناتوانێ لە کارخانەدا خەریکی کار بێت. ژیانی ئەم سەرزەوییە هەر هەمووی مەترسی و دڵەخورپەیە. لە کارخانەدا هەڵەیەکی دەست بەسە بۆ ئەوەی مەکینە ئێسکەکانت بهاڕێ و وردوخاشییان بکات، یان سوتان بۆ هەمیشە کۆتایی بە تەمەنتان بهێنێت. نەخۆشی و چارەڕەشی لە هەر هەنگاوێکدا لە بەرامبەرتاندا وەستاوە. مرۆڤێکی هەژار و نەدار وەک کوێرێک وایە کە لەسەر بانی خانوویەکی بەرز ڕاوەستا بێت، بە هەر لایەکدا بڕوا هەڵدەدێرێ و بە چارەنووسی ڕەش و نەگۆڕی خۆی دەگات. ئەمە ئامۆژگاری «یەهودای سەخەریوتی» برای یاقوب یەکێک لە یارانی بەئەمەگی عیسایە. برایینە، نابێ گیرۆدەی ئەم ژیانە خۆڵینەیە بن. گیرۆدە بوون بەم ژیانە خۆڵینەیە کاری شەیتانە و شەیتانیش دارزێنەری رۆحی مرۆڤە. ئەی رۆڵە خۆشەویستەکانی عیسا، جێگە و پلەی هەتا هەتایی ئێوە وەک جێگای باوکتان لەم دنیایەدا نیە، بەڵکوو لە بەهەشتە. ئەگەر بە تاقەت بن و دان بە جەرگی خۆتاندا بگرن، ئەگەر ئەم ژیانە خاکییە بە نزمی و زەبوونی و بوردەبارییەوە تێپەڕ بکەن و ناڵە و سکاڵایەکتان نەبێ، دڵنیا بن کە جێگاتان لە بەهەشتی بەریندا دەبێ و پاداشی هەتاهەتایی و رزگاری ئەبەدی چاوەڕوانتانە. ئەم پاداشانەش لەبۆ ئەو هەموو ڕەنج و کوێرەوەرییەیە کە لەم دنیایەدا شانتان ژێرخستوە. ئەی

رۆلەکانی عیسا ئەم ژیانە سەردەمی بەرزەخێکە بۆ رۆحی ئێوە، ئێوە ئەمرۆ هەرچی زیاتر کوێرەوەری بچێژن، لە دنیای بەرێدا زیاتر بەخشین و رزگاریتان نەسیب دەبێ، دروست هەر بەوجۆرەی یاقوب یاری بەئەمەگی عیسا پێمان دەڵێ.
ئیشارەیەکی بە میچی هۆدەکە کرد و پاش ساتێک بێدەنگی و تێڕامان بە دەمودوویەکی سارد و توندەوە وتی:
ـ بەڵێ برایان و خوشکانی خۆشەویست دەبێ ژیانی خۆتان لە پێناو ئەوین و خۆشەویستی جیرانەکانتاندا بکەنە قوربانی، دەنا ئەم ژیانە زۆر هیچ و پووچ و بێ ناوەرۆک دەبێ. دڵی خۆتان مەدەنە دەست هێزی شەیتانی ئێرەیی بردن. لەم دنیایەدا چ شتێک هەیە کە بمانەوێ هەناسەی بۆ هەڵکێشین و ئێرەیی پێ بەرین؟ خێروبێری ئەم دنیایە هەمووی خەون و خەیاڵە و گاڵتەی دەستی شەیتانن. هەموومان چ دەوڵەمەند بین یان هەژار هەر دەمرین. پاشا و سواڵکەر، کرێکاری کانگا و گەسکلێدەر و خاوەن بانک بە تێکرا هەر دەمرین و کەس ناتوانێ خۆ لە مردن رزگار بکات. لەوانەشە لەناو باخە دڵرفین و فێنکەکانی بەهەشتدا کرێکارانی کانگاکان پاشا بن و پاشاکانی ئەم دنیایەش لەوێ ببنە باخەوان و باخچەکانی بەهەشت برازێننەوە و شەقامی باخەکان بماڵن و گەڵای دارەکان کۆ بکەنەوە و توێکڵی ئەو شوکولاتانە هەڵگرنەوە کە ئێوە هەموو رۆژێک دەیخۆن. ئەی برایان لەم دنیایەدا هیچ شتیک نیە کە ئینسان دڵی بۆی لێبدا و بە ئاواتی بخوازێ. رۆح لەم لێرەوارە تاریک و گوناحبارەدا هەر وەک مناڵیک لە هەڵبەزدابەز دایە. ئێوە رێگای خۆشەویستی و خۆنەویستی بگرنە بەر تا درگای بەهەشتتان بۆ ئاوەڵە بکرێ و بە بێدەنگی لە بەرامبەر هەموو کارەساتەکانی ژیاندا خۆ ڕابگرن، هاورەگەزەکانی خۆتان خۆش بوێت، تەنانەت ئەوانەش کە بە سوکی چاوتان لێدەکەن.
چاوی قونجاند و لە ناو مۆبلەکەیدا تەکانێکی دایە خۆی و سەری قسەکانی گرتەوە:



ـ گوێ بۆ ئەو کەسانە شلمەکەن کە ئاوری دوودڵی و گومان لە دڵی ئێوەدا خۆش دەکەن. گوێ مەدەنە ئەو کەسانەی کە تۆوی هەستی تاوانبارانەی ئێرەیی بردن بەموبەو لە دڵی ئێوەدا دەچێنن. سەرنج مەدەنە ئەو کەسانەی کە هەژاری و نەداری تاقمێک لە گەڵ سەروەت و سامانی تاقمێکی دیکەدا هەڵدەسەنگێنن. ئەوجۆرە کەسانە بە گشتی نوێنەری شەیتانن. خوا دەفەرموێ خۆتان لە حەسودی کردن بە جیرانەکانتان دوور خەنەوە چاوی تەماحیان تێمەبڕن. دەوڵەمەندانیش بەش بە حاڵی خۆیان نەدارن، ئەوان نەداری خۆشەویستین. دەوڵەمەندەکانتان خۆش بوێ، چونکا ئەوان هەڵبژاردەی خودان. ئەمە کوتومت قسەکانی یاقوب یاری بەئەمەگی عیسا و برای یەهودای سەخریوتییە. گوێ مەدەنە ئەو قسە بێبناوان و هیچو پووچانەی شەیتان لەمەڕ بەرامبەری و یەکسانی، ئەمانە داهێنراوی شەیتانن. لەم دنیایەدا بەرامبەری و یەکسانی چ مانایەکیان هەیە؟! ئێوە دەبێ ئاواتەخواز بن رۆحتان لە بەرامبەر خودا، بەو پەڕی پاکی و بێ گەردییەوە بە تەواوی بەرامبەر و یەکسان بێت. بە سەبوری و بوردەبارییەوە خاچ لە گەڵ خۆتان هەڵگرن. سەرلەپێناو بوون و ملکەچبوون بە فەرمانەکان، لە قورسایی بارتان کەم دەکاتەوە و لەشتان سوک دەکات. ئەی رۆڵەکانم خودا لە گەڵ ئێوەیە و تا خوداش لە گەڵ ئێوە بێ، پێویستیتان بە هیچ شتێکی تر نیە.
پیرە پیاو بێ دەنگ بوو. دەمی ئاوەڵا مایەوە و ددانە زێڕەکانی دەرکەوتن و بریسکەیەکیان دا، سەرکەوتوانە چاوی تێبڕیم.
وتم:
ـ مەزهەب قازانجێکی زۆری بۆتان هەیە.
وڵامی دامەوە:
ـ ئەمە شتێکی روونە، دەزانم چەندە بە بایەخە. مەزهەب بۆ نەدار و هەژاران پێویستە. ئەمنیش پیاوێکی ئاییینم، چونکا مەزهەب دەڵێ، "ئەی مرۆڤ هەموو شتێکی ئەم دنیایە هی شەیتانە، ئەگەر دەتەوێ رۆحی خۆت

رزگار بکەی، نە ئاواتی دەستڕاگەیشتن بە شتێک لەم جیهانە بخوازە، نە دەست لە شتێک بدە و نە گیرۆدەی بە. بەمجۆرە پاش مەرگت دەبی بە خاوەنی هەموو خۆشیەکان و تاموبۆی ڕاستەقینەی ژیان. ئەگەر بەمجۆرە بچیتە پێش هەموو شتەکانی بەهەشت دەبێ بە هی تۆ". جا هەر کاتێک خەڵک بڕوایان بەم ڕێوشوێنە هەبێ، دەکرێ زۆر بە ئاسانی لە گەڵیاندا بجولێتەوە و پێکبێی. بەڵی مەزهەب ئامرازێکی زۆر باشی چەورکردنە، جا ئەم مەکینەی ژیانە هەرچەندە زیاتر چەور بکرێ، باشتر دەگەڕێ و بەشە پێکهێنەرەکانیشی کەمتر وێکدەکەون و دەسوێن. هەروەها کاری ئەو کەسانەش ئاسانتر دەبێ کە هەڵیدەسووڕێنن.

لەدڵی خۆمدا وتم: "بە ڕاستی کە شۆڕە پیاوە!"

بە ڕێزێکەوە لە دوامین جێگری بەرازەوانەکانم پرسی:

ـ ئەرێ تۆش خۆت بە مەسیحی دەزانی؟

بە بڕوایەکی تەواوەوە وتێ:

ـ بەڵێ، بێ گومان. ڕووی لە میچی هۆدەکە کرد و بە گوڕ و دڵێکی گەرمەوە درێژەی پێدا و وتی:

ـ بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمریکائیشم و ئینسانێکی زۆر پێمل بە ئەخلاقم...

حاڵەتێکی دراماتیکی بە خۆیەوە گرت، لێوەکانی یەکهێنایەوە و جوتە گوێی لە لوتی نزیک بوونەوە.

بە دەنگێکی نزم وتم:

ـ باشە مەبەستت چییە؟

بە منگە منگێکەوە وتی:

ـ قسەی خۆمان بێ ئیمکانی نیە، کەسێکی ئەمریکایی مەسیح بناسێ.

کەمێک ڕامام و پاشان وتم:

ـ چی؟ ئیمکانی نیە؟

لەبەرخۆیەوە پێی لەسەر قسەکانی داگرت و وتی:

ـ بەڵێ، حەتمەن وایە.



پیرە پیاو چاوێکی داگرت، پاشان سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و وتی:

ـ کەس نازانێ کوڕی کێیە، تێدەگەی دەڵێم چی؟ لە ئەمریکادا کەسی وا ناتوانێ ببێتە کاربەدەستێکی گەورە. مەسەلەی خودایی بخەینە ئەولاوە، کەسێکی ئاوا لە ناو هیچ کۆمەڵگایەکی پاک و ئازاددا وەرناگیردرێ، هیچ کچێک ئامادە نیە شوی پێبکات. بەڵێ ئێمە لەم بابەتەوە زۆر سەر قورسین، ئەگەر بێتوو کەسی وا بناسین دەبێ هەموو ئەو منالانەش قبوڵ بکەین و بە خاوەن شەرەفیشیان بزانین کە باوکیان نەبێ، جا وەرە ئەمە لە ئەنجامی جووتبوونی قولەڕەشێک و سپیپێستێکیش پەیدا بووبێ. بیری لێبکەرەوە ئەو دەم دنیا چی لێ بەسەر دەهات و بەرەو کوێوە دەڕۆیشت!

ڕەنگە لە ڕاستیدا زۆر ترسناک بوایە، چونکا چاوەکانی ئەم کابرایە هەروەک چاوی کوندەبەبووی لێهات، زەق و ئاماڵ سەوز. زۆر بە قەڵسی لێوی خوارەوەی دایە دەر و ڕێک بە ددانەکانیەوە گوشی، پێیوابوو ئەم قەڵافەتە قورس و ترسناکە سەروسەکوتی سەرنجڕاکێشتر و کاریگەرتر و جیدیتر نیشان دەدات.

لە حالێکدا لە ئەخلاق و مەعنەویاتی ئەم وڵاتە دیموکراتەدا پیشم دەخواردەوە، لێم پرسی:

ـ ئێوە زۆر بە ئاسانی دەتانەوێ حاشا لە ئینسان بوونی ڕەشپێستەکان بکەن؟

کابرا سەری سوورمابوو، ڕووی تێکردم و بە تەوسێکەوە، وتی:

ـ کوڕە تۆ چەندە ساویلکەی! لەبەر چی؟پێتدەڵێم. ئەوانە ڕەشن، بۆنیان لێدێت. ئێمە ئەگەر بزانین قولەڕەشێک ژنێکی سپیپێستی هێناوە بە بێ مەحاکمە سزای دەدەین. گوریسێکی دەخەینە مل و بە بێدەنگی بەسەر نزیکترین داردا هەڵیدەواسین. ئێمە لەم بابەتەوە زۆر ویشک و سەرقورسین. دیارە لە هەر شوێنێک پێی مەعنەویات و ئەخلاق بێتە پێش، ئەو دەم زۆر سەختگیری دەکەین.

دەیەویست بەمجۆرە ئیلهامم پێ ببەخشێ، بەڵام من کارێکم وەئەستۆ

گرتبوو دەمەویست تاسەر شوێنی بگرم. بۆیە دیسان درێژەم بە پرسیارەکانم دا . پێمخۆش بوو خێراتر سەرەنجامی ئەم راستییە و ئەم ئازادییە بە ئازارە روون کەمەوە کە جیاوازە لەگەڵ بیروبۆچوون و هەموو ئەو شتانەی کە بەرزن و بڕوام پێیانە.

پرسیم:

ـ ڕای ئێوە سەبارەت بە سوسیالیستەکان چییە؟

بە پەلە دەستی بۆ ئەژنۆی برد و وتی:

ـ ئەوانە نۆکەرانی شەیتانن، ئەوانە بۆ مەکینەی ژیان وەک ورکەبەردن، خۆ دەگەیەننە هەموو شوێنێک و ناهێڵن مکانیزمی ئەم مەکینەیە بەراحەتی و بەباشی کاری خۆی بکات. ئەگەر دەوڵەت لێهاتوو بی، ئەمانە جێیان نابێتەوە. بەڵام بەمحالەشەوە، بەلای ناخێریان سەروکەللەیان لە ئەمریکا دەرکەوتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوانەی لە واشنگتۆنن بە باشی لە کاری خۆیان نەگەیشتون. دەبێ مافی هاوولاتی بوونیان لێبسێننەوە. ئەمەش هەر هیچ نەبێ بۆخۆی کارێکە. دەبێ دەوڵەت لە نزیکەوە ئاگای لە راستییەکان بێ، ئەمەش کاتێک دەکرێ کە لکەکانی لە ملوێنەرەکان پێکهاتبێ، گرێکەش هەر لێرەدایە.

وتم:

ـ ئێوە مرۆیەکی بە زیان و سەرقورسن.

سەری راتەکاند و دانی بە قسەکەی مندا هێنا و وتی:

ـ بەڵێ راستە.

حاڵەتی منالّی لە بیچمی تۆرابوو، چرچولۆچێکی قوول بەسەر روومەتییەوە دەرکەوتبوو، دەمەویست سەبارەت بە هونەر شتێکی لێ بپرسم. وتم:

ـ "ڕای ئێوە سەبارەت بە......" قامکی هەڵێنا و قسەکانی پێ بریم، نەیهێشت پرسیارەکەم بکەم. بۆخۆی دەستی پێکرد و وتێ:

ـ سوسیالیزم یانی کفر و خوانەناسی لە بیروبۆچون و ئاژاوەنانەوە لەبەر



سک. رۆحی سوسیالیستێک بە هەناوی شەیتانی تەیار کراوە و جووتە باڵێکی شەیتانی هەڵیدەسوورێنی. ئێمە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ سوسیالیستەکان پێویستیمان بە ئایین و بە سەرباز هەیە. ئایین لە دژی کفر و سەربازیش لە دژی ئاژاوەگەری. لە پێشدا دەبێ مێشکی سوسیالیستەکان بە قوروقوشمی قسەوباس و دابونەریتی کلیسا پڕ بکرێتەوە، ئەگەر بەمەش چاریان نەهات، سەربازەکان دەبێ سکیان پرکەن لە قورقوشمی سوورەوەبوو. بە چاوقاییمییەوە سەری ڕاتەکاند و زۆر بە جیدی وتی:

ـ هێزی ئەهریمەن و هێزی شەیتان زۆروزەبەندە و لە ئەژمار بەدەرن.

ئەمنیش دەمودەست بۆم ئەستاندەوە و وتم:

ـ بەڵێ، لەراستیدا هەر وایە.

یەکەمجار بوو دەرفەتم بۆ هەڵدەکەوت تا "نفوزی بەهێزی" دیوی زەرد، واتە زێڕ، بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو ببینم. ئێسکە وشک و نەخۆش و "نقرێس"یەکەی ئەم پیرەپیاوە، بە لەشە لاواز و پەرپووتەکەیەوە لە ناو کەولّی کۆنیدا جێی گرتبوو. ئەم کۆما تێکترشاوە چارەڕەشە ئێستا لە ئیرادەی ساردی دڵڕەقانەی باوکی درۆ و خراپە گیانی گرتبوو. چاوەکانی هەر وەک دوو سکەی تازە دەبریسکانەوە، دەتگوت بەهێزتر و ویشکتر دەبوون. بەم قەڵافەتەوە زیاتر لە خزمەتگوزارێکی پیر دەچوو، ئەمجار تێگەیشتم کە ئاغاکەی کێیە.

****

پرسیم:

ـ ڕاتان سەبارەت بە هونەر چییە؟

سەیرێکی کردم و دەستێکی بە بیچمیدا هێنا و شوێنەواری بێزراویی لێ سڕییەوە و جارێکی تر حاڵەتی منالّی لە روخساریدا دەرکەوتەوە.

ـ چیت ووت؟

ـ ڕاتان سەبارەت بە هونەر چییە؟

بەکاوەخۆ هاتە دووان:
ـ ها، لەم بارەیەوە رایەکی تایبەتم نیە، زۆر بە سادەیی و بێ ژانەسەر دەیکرم.
ـ دەزانم ، بەڵام لەوانەیە ڕایەکی تایبەتیتان هەبێ، چ چاوەڕوانییەکتان لە هونەر هەیە؟
ـ ئەها، هەڵبەت دەزانم چم لە هونەر دەوێ، هونەر دەبێ سەری خەڵک گەرم بکات، ئەمەیە چاوەڕوانی من لە هونەر. هونەر دەبێ وەپێکەنینم بخات. کارێکی زۆر جیدییە و گاڵتەی پێناکرێ. مێشکی مرۆڤ جاروبارە پێویستی بە زاخاودانەوە و ئارام کردنەوە، جاری واشە پێویستی بە هاندەرێک هەیە. ڕازاندنەوەی دیوار و میچی ژوورەکان دەبێ زۆر هونەرمەندانە بێت، بەجۆرێک کە ئیشتیا ببزوێنێ. جاڕنامە بازرگانییەکان دەبێ بە ڕەنگە هەرە باش و سەرنج ڕاکێشەکان چاپ بکرێن، دەبێ بتوانن جوان مرۆڤەکان هەر لە دوورەوە، ڕەنگە لە چەند فەرسەخیشەوە بەرو لای خۆیان ڕاکێشن. دەبێ بینەر و خوێنەر بەرەو ئەو شوێنە بەرێ کە مەبەستییەتی. جا ئەو کاتەیە کە ئەرکی خۆی بەجێگەیاندووە. باشترین پەیکەر و گوڵدانەکان دەبێ لە برۆنز ساز بکرێن، نەک لە مەڕمەڕ و چینی، چونکا کارەکەر و نۆکەرەکان بە بێ موبالاتی دەستی دەدەنێ و دەیشکێنن. شەڕە کەڵەشێر و ڕاوی مشکی دەشتیش زۆر سەرنج ڕاکێشن. لە لەندەن ئەم کایانەم دیوە، بەڕاستی زۆر خۆشن. شەڕە مستیش کایەیەکی ڕندە، باڵام نابێ بگاتە ئاستی یەکتر کوشتن. مۆسیقاش دەبێ نیشتمانی بێت. مارشی نیزامی هەمیشە شتی چاکە و سرودی نیشتمانی ئەمریکا لە هی هەموو شوێنیکی ئەم دنیایە باشترە. هەر بەم بۆنەوە مۆسیقای ئێمە زۆر ناوازەیە. دەبێ لەناو خەڵکی باش و پاقژدا بە شوێن مۆسیقای هەست بزوێن و خۆشدا بگەڕێین. ئەمریکاییەکان باشترین خەڵکی دنیان. پوڵی هیچ شوێنێک ناگاتە ئاستی پوڵی ئێمە. هیچ کەس لە دنیادا بەقەدەر ئێمە پوڵ و پارەی نیە. هەر بۆیە هەموو خەڵکی دنیا رووومان تێدەکەن.



کاتێک گوێم بۆ گەندە بێژی و فرە وێژی ئەم بیردارڕزاوە شل کردبوو، لە دڵی خۆمدا دەمگوت سەد شوکور بە وەحشییەکانی "تاسمانیا" دەڵێن ئەمانە ئینسان دەخۆن. بەڵام هەرچی چۆنێک بێت ئاست و مەیدانی جوانی ناسییان بەرفراوانتر و بەرینتر بووە.
لەم نۆکەرە پەڕپووتەی دێوی زەردم پرسی:
ـ دەچیتە تیاتر؟ مەبەستم ئەوە بوو بەری درێژدادڕی و فرەوێژی ئەم کابرایە بگرم کە بە بوونی خۆی وڵاتەکەی لکەدار کردبوو.
بە دڵنیاییەوە وتی:
ـ تیاتر؟ بەڵی دەزانم ئەویش هونەرە.
ـ لە تیاتردا چ شتێکت بەدڵە؟
تاوێک چووە ناو بیرو خەیاڵات و وتی:
ـ زۆر باشە بەتایبەت ئەگەر ژنانی لاو و جوان و چەلەنگ بەرگی بەرۆک ئاوەڵەیان لەبەر کردبێ و پیاو لە بەرزاییەوە سەیریان بکات.
بە هەناسە ساردی و هیوابڕاوییەوە پرسیم:
ـ بەڵام چ شتێک پتر سەرنجت ڕادەکێشێ؟
لێوەکانی تا نزیک بناگوێی لێک کشاندەوە و وتی:
ـ ئەها، دیارە ئەکتەرە ژنەکانی، وەکوو هەموو ... ئەگەر ئەکتەرەکانی کچانی جوان و بەدەو بن، ئەوە تیاترێکی باشە. ئەوەش نابێ فەرامۆش بکەین کە لە یەکەم چاوگێڕاندا لێکهەڵاواردن و جیاکردنەوەی تەمەن یان جوانی و ناشرینییان گەلێک زەحمەتە. شانۆ باش دەرازێننەوە، دیارە ئەمە کاری ئەوانە. جار هەیە کە پێتوایە ئەو کچێکی جوانە، بەڵام پاشان تێدەگەی نەخێر، پەنجا ساڵانە و لانی کەم دوو سەد کەڵەگاشی هەبووە، کە دیارە زۆر ناپەسەندە. کچانی سیرک لە ئەکتەرەکانی تیاتر باشترن، ئەوان گەنجتر و ئامادەترن و لە هەموانیشیان زووتر دەستەمۆ دەبن....
قسەی تیدا نیە کە لەم بارەوە خاوەن بیرورا بوو. تەنانەت منی تاوانباری کۆنەکاریش کە بە درێژایی تەمەنم نوقمی تاوان و گوناح ببووم، دەمتوانی

دەرسێکی لێ فێر ببم.
پرسیم:
ـ ئەرێ شیعرت پێخۆشە؟
ناوچاوانی تێکنا و چاوی لە کەوشەکانی بڕی، دەنگدانەوەی دەنگیم هاتە بەر گوێ کە وتی:
ــ شیعر؟ سەری بەرز کردەوە و ددانەکانی وەدیار خست و دووپاتی کردەوە شیعر؟ بەڵێ شیعرم پێخۆشە. ئەگەر هەموو جاڕنامەکان بە شیعر بنوسنەوە ئەوکات ژیان باشتر بە دڵەوە دەنووسا و خۆشتر دەبوو.
ـ شاعیری خۆشەویستی تۆ کێیە؟ ئەم پرسیارەم هەروا دوابەدوا و خێرا هێنایە گۆڕێ، لە حاڵێکدا کە گێژ و وڕ ببوو سەیرێکی کردم و بە ئەسپایی پرسی:
ـ وتت چی؟
پرسیارەکەم دووپات کردەوە.
سەری لەقاند و وتی:
ـ پەکو... ئەتۆ مرۆیەکی سەیری! لەبەرچی دەبێ شاعیرێکم خۆش بوێ؟!
بۆچی دەبێ بۆ وێنە فلانە شیعرم بەر دڵ بکەوێ و ڕێزی بۆ دابنێم؟
دەستێکم بە ناوچاوانە ئارەقە لێنیشتووەکەمدا هێنا و وتم:
ــ ببورە دەمەویست بپرسم کە جگە لە دەستە چەکی بانک حەزت لە چ کتێب و دەفتەرێکیتر هەیە؟
قسەکەی پێخۆش بوو وتی:
ــ ئەها ، ئەمە شتێکیترە، دوو کتێب هەن کە سەرنجی منیان ڕاکێشاوە، یەکەمیان کتێبی پیرۆزی ئینجیلە و ئەوی تریان دەفتەری حیساباتە. هەر دووکیان هاندەرێکی باشن بۆ مێشک. هەر کامەیان کە بە دەستەوە دەگری، هەست دەکەی دەسەڵات و توانایەکی سەیریان هەیە و دەتوانن هەموو پێداویستییەکانی تۆ دابین بکەن.
بەخۆمم وت: "دەڵێی گاڵتەم پێدەکات" چاوی تێبڕیم، بەڵام نا، بەراستییەتی،



چاوەکانی تەمی گومان و دوو دڵییان لە لام نەهێشت. هەر وەک منالێک بە ئەمەگ بوو. لە سەر ئەو مۆبلەی کە دانیشتبوو لە ناوکە بایەمێکی وشکەڵ دەچوو کە بەقەدەر ڕەقی توێکڵەکەی باوەڕی بە ڕاستی قسەکەی هەبوو.
سەیرێکی نینۆکەکانی کرد و درێژەی پێدا:
ــ بەڵێ کتێبێکی باشن، کتێبەکەی من هیچ وتە و قسەیەکی تێدا نیە، هەمووی ئەرقام و ژمارەیە، ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە ئەگەر کەسێک بییەوێ و بە شەرەفانە و بە جیدی کار بکات، دەتوانێ زۆر شت بەدەست بهێنێ. بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لە پاش مەرگم، کەڵکێکی زۆر بە دەوڵەت دەگەیەنێ. با خەڵک بزانن کە دەبێ چی بکەن، تا بە پلەی بەرزی وەک من بگەن.
سەرکەوتوانە تەکانێکی دایە خۆی، بیرم کردەوە کاتی ئەوە گەیشتووە دوایی بەم وتووێژە بێنم. ئیتر توانای بیستنی ئەم هەموو وڕینەیەم نەبوو، هیچ سەرێک تاقەتی ئەم هەموو پلیشانەوەی نیە.
بە سپایی پرسیم:
ـ لەوانەیە پێت خۆش بێ قسەیەکیش لەسەر زانست بکەی؟
ــ زانست؟ قامکی بەرزکردەوە و چاوی لە میچی هۆدەکە بڕی، پاشان ساعەتەکەی لە بەرۆکی کردەوە و سەیرێکی کرد و قاپەکەی نایەوە و زنجیرەکەی لە قامکی ئالاند و یاری پێدەکرد. هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەری قسەکەی دابەستەوە:
ـ زانست؟ بەڵی دەزانم کتێب. ئەگەر کتێبەکان بە باشی باسی ئەمریکا بکەن ئەو زۆر باشن. بەڵام لە کتێبدا زۆر بە دەگمەن ڕاستییەکان دەنوسرێ. بەڕای من ئەم ... شاعیرانە کە کتێب دەنووسن پوولێکی ئەوەندەی بەکەڵک بێ لە ڕێگای نووسینەوە بەدەست ناهێنن. لە وڵاتێکدا کە هەموان خەریکی کاروباری خۆیانن کەس وەختی کتێبخوێندنەوەی نیە. بەڵی شاعیران هەموویان توورە و ڕق هەستاون، چونکا کتێبەکانیان کڕیاری نیە. دەوڵەت دەبێ پول بە نوسەران بدا، پوولێکی باشیشیان

بداتێ، مرۆڤێک کە باشی خواردبێ و باش بەخێو کرابێ هەمیشە میهرەبان و لەسەرخۆ و دڵکراوەیە. ئەگەر کتێبێک دەربارەی ئەمریکا پێویست بێ، دەبێ شاعیرانی باشی بۆ بەکرێ بگیردرێ. ئەوجار هەموو کتێبە پێویستەکان پەیدا دەبن، هەر ئەمەیە و هیچی‌تر.

ـ ئەو تاریفەی کە لە زانستتان فەرموو زۆر کەم و بەرتەسکە.

چاوی قونجاند و چوە قوڵایی بیرەکانی و پاشان چاوی هەڵێنا و بە دڵناییەوە درێژەی پێدا:

ــ باشە، مامۆستایان، فەیلەسوفان... ئەمانەش بەشێکن لە زانست. مامۆستایان، ماماکان، ددانپزشکەکان و هیتریش دەناسم ... قازییەکان، دوکتور و ئەندازیارەکان ... زۆر باشە ئەمانە پێویستن، پێویستیمان پێیان هەیە، زانستی باش نابێ شتی خراپی لێ هەڵوەرێ. بەڵام رۆژێکیان مامۆستای کچەکەم پێی‌وتم زانستی کۆمەڵایەتیش هەیە، راستت دەوێ هیچ تێی‌نەگەیشتم. بە رای من ئەم زانستە زیانهێنەرە، زانستی باش بەدەستی سوسیالیستەکان پێکنایەت و ئەوانە نابێ کاریان بەسەر زانستەوە هەبێ. بۆ نمونە ئەدیسۆن زانستێکی داهێنەرانەیە، هەم کەڵکی هەیە، هەم سەرقاڵیشی لەگەڵدایە، سینەما و وێنەگەریش بەکەڵکن. ئێمە زۆر کتێبی زانستیمان لە بەر دەستدایە. بەڵام خەڵک نابێ ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە تۆوی دوودڵی و گومان لە مێشکیاندا دەچێنێ. هەموو شتێکی دنیا گونجاوە و لە جێی‌خۆیدایە، نابێ رێگە بدرێ تێکەڵ بە کتێب بکرێ.

هەستامە سەر پێ.

پرسی:

ـ ها، چییە، دەتەوێ برۆی؟

وتم :

ـ بەڵێ، بەڵام ئێستا کە دەمەوێ بەجێت بێڵم، پێم بڵێ بزانم چ هەستێکت لە ملوێنەری خۆت هەیە؟

کەوتە نزگەرە و لە جیاتی ئەوەی وڵامم بداتەوە لاقی هەڵبری، رەنگە ئەمە



شێوەی پێکەنینەکەی بێت. ئەوجار کە پشوویەکی هاتەوە بەر، بە دەنگێکی بەرز وتی:

ـ ئەمە عادەتێکە گیانە!

ـ چی؟

ـ ملوێنەر بوون عادەتە.

پاش رامانێک دوایین پرسیارم هێنایە گۆڕ:

ـ کەوابوو پێت وایە سواڵکەر و موعتاد و ملوێنەرەکان لە یەک ریز دان؟

دەبێ قسەکەی منی زۆر پێ‌ناخۆش بووبی، چونکا چاوی زەق کردەوە و سەودا و تووڕەیی بە رەنگی سەوزی دەرهێنا، لێوەکانی بە یەکدا دا و وتی:

ـ پێموایە تۆ مرۆیەکی ناپاک و نارەسەنی.

تا سەر پیلکانەکان بە ڕێی‌کردم و لەوێ راوەستاو روانییە پێڵاوەکانی. لەبەردەم ماڵەکەیدا چیمەنێکی تەخت و بەرینی لێ بوو، بەسەر چیمەنەکەدا تێپەڕیم، لە قووڵایی دەریای بیرەکانمدا بە خۆمم وت، ئیتر ئەم کابرا نابینمەوە، بەڵام لە پڕێکا دەنگێکم هاتە بەرگوێ:

ـ لەگەڵ تۆمە!

ئاورم دایەوە، دیتم لە هەیوانی خانووکەی راوەستاوە و سەیرم دەکات، بەئەسپایی پرسی:

ـ داخوا لە ئوروپادا ئیمپراتۆری زۆرمان هەیە؟

ـ ئەگەر لە من دەپرسی، ئوروپا پێویستی بە ئیمپراتۆر نیە.

برێک کشایەوە، تفێکی فڕێ دا و وتی:

ـ دەمەوێ چەند کەسێک لەوانە بخەمە سەرکار، رای تۆ چییە؟

ـ بۆ چیتن؟

سەرگەرمی هێنەرن، ناچاریان دەکەم شەڕە مستم بۆ بکەن.

ئیشارەیەکی بە چیمەنی بەر خانوەکەی کرد و بە لێدوانێکی پرسیارگەرانە وتی:

ـ هەموو رۆژێک لە سەعاتی یەک تا یەکونیو، تێگەیشتی؟! سەرگەرمی هونەری، ئەویش بۆ ماوەی نیو سەعاتی پاش نیوەڕۆ، خۆ خراپ نیە ها، دەڵێی چی؟!

زۆر بە جیدی قسەی دەکرد، هەستم کرد بۆ وەدیهێنانی مەبەست و دڵخوازییەکانی دەست بۆ هەر کارێک دەبات. پرسیم:

ـ بۆچی دەتەوێ کەڵک لەوانە وەربگری؟

ـ چونکا تا ئیستا کەسێک جگە لە من بیری لەوە نەکردۆتەوە.

ـ بەڵام خۆ ئەوانە بۆخۆیان کارێک ناکەن، خەڵکیتر شەڕیان بۆ دەکات.

ئەمەم وتو و ملی رێگام گرتە بەر.

هەمدیسان هەرای کرد:

ـ لەگەڵ تۆمە!

جارێکیتر ئاورم دایەوە، هێشتا لەوێ وەستا بوو، دەستەکانی خستبووە گیرفانی، حاڵەتی خەون و خەیاڵ لە چاوەکانی دەباری. لێوی بزواند، وەک ئەوەی شتێک بجوێ، بە ئەسپایی وتی:

ـ بە رای تۆ چەندە خەرج هەڵدەگرێ، ئەگەر دوو کەس لەوانە هەموو رۆژێک نیو سەعات لە بەر دەممدا شەڕە مست بکەن؟.....

تەواو